# شۆڕشی تونێس‌و بەشداری چالاکانەی ژنان!

ئەنوەر ئەسعەدزادە



ئەگەر چاوێکی خێرا بخشێنین بەسەر مێژووی خەباتی گەلان لەشێوەو فۆرمە جۆراوجۆرەکانی بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە هاوشان لەگەڵ توێژەکانی دیکەی وڵاتان ژنان زۆر زیاتر لەوەی کە سیستمو تەنانەت خەڵکانی ئەو وڵاتەش چاوەڕوانییان بووە، دەورو نەقشی بەرچاویان گێراوە. بەشێکی زۆر لە ئاڵوگۆڕەکان هەر لە کۆمۆنەی پاریسەوە بگرە تا راپەڕینی خەڵکی کوردی کوردستانی باشوورو هەروەها بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانی رۆژهەڵاتو شۆڕشی گەلانی ئێرانیشی لەگەڵ بێت ژنان وەك فاکتەرێکی سەرەکی رۆڵی خۆیان لەگۆڕانکارییەکاندا بینیوەو مۆرکی خۆیان لە رووداو ئاڵوگۆڕەکان داوە. لەم پێناوەشدا زۆر ژنو چالاکی ژن لەتەمەنی جیاوازەوە هەن کە گیانی خۆیان لەپێناو ئامانجەکانی گەلو نیشتمانەکەیاندا بەخت کردووەو ئێستاکە بەجۆرێك بوونەتە سونبولی خەباتو راوەستاویی. لەو پێناوەدا ئەوەی ئێستاکە بۆتە جێگەی باسو خواسی سەرجەم راگەیاندەکانی جیهان رووداوەکانی وڵاتانی تونێسو میسرو ئەلجەزایەرەو ئەردەنو یەمەنە. لێرەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی چاوێك بخشێنین بەسەر رۆڵی ژنانی تونێس لەم ئاڵوگۆڕانەی بەردەمی ئەم وڵاتە .

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بەسەر مێژووی چالاکییەکانی ژنانی تونێس ئەوە بۆمان بۆ روون دەکاتەوە کە ژنانی ئەم وڵاتە هەر لەساڵی ١٩٣٨ەوە رۆڵی گرنگیان بووە لەسەربەخۆیی وڵاتی تونێس. بەپێی قسەی شارەزایانی تونێس پێشینەی هەوڵو چالاکیەکانی لەپێناو چاکسازی لەبواری پرسی ژناندا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم. بەگوێرەی گەڵاڵەکانی تاهیر حەداد ژنانی تونێسی دەوری گرنگو بەرچاویان بووە لەخەبات بۆ سەربەخۆی ئەم وڵاتە. بەجۆرێك کە لەساڵی ١٩٣٨ بەشێك لەو ژنانەی کە پەیوەست ببون بە حیزبەکەی "حەبیب بورقیب"ەوە لە خۆپیشاندانێکدا قۆڵبەستو راپێچی زیندان کران. ئەمەش سەلمێنەری ئەو واقعییەتە گرنگەیە کە ژنانی ئەم وڵاتە زیاتر لە ٧ دەیەیە کە هەستاون بەبەشداری لەچالاکی سیاسیو کۆمەڵایەتی. گرتنی ژنانو زیندانی کردنیان ئاماژەیەکە بە درکی ژیرانەی ژنانی ئەو وڵاتەو گەیشتن بەو واقعیەتە مێژوویە کە هیچ گۆڕانێك بێ ژنان بەدی نایەتو ئەگەر شتی واش بێتە ئاراوە بێ گومان نوقسان لەدایك دەبێت. هۆکاری گرتنی ئەم ژنانە بە پێی بەڵگە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژەی کە تونێسیەکان بەمەبەستی سەلماندنی پشتیوانی خۆیان لەهێزە هاوپەیمانەکان لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووهەمو بەشێوەی فەرمی ناڕەزایەتیەکانیان بۆ سەربەخۆی لە فەڕانسە هەڵپەساردبوو، گرووپێك لە ژنانی تونێسی بەهەڵکردنی ئاڵای حیزبەکەیان لەکاتی سەردانی سەرۆك کۆماری فەڕانسە هاتنە سەر شەقامەکانو ناڕەزایی خۆیان دەربڕیو لە ئاکامدا لەلایەن دەسەڵاتەوە قۆڵبەستو بۆ ماوەی ١٥ رۆژ چوونە زیندانەوە .

لەساڵی ١٩٥٠و پاش قەیرانی دوای جەنگ، خەبات بۆ سەربەخۆیی دوبارە سەری هەڵدایەوە. لەو سەردەمە حیزبی دەستووری نوێ یەکەمین بەشی رەسمی ژنانی بنیات نا. لەمارسی ١٩٥٦ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزب بەهۆی بەشداری چالاکانەیان لە کەخوازیاری پاشەکشێی فەرانسەوییەکان بوون راپێچی زیندان کران .

کەمتر لە پێنج مانگ پاش بەدەست هێنانی سەربەخۆیی، بورقیبە سەرۆك کۆماری تازە لە وتاربێژییەکدا لە ١٣ئووتی ١٩٥٦ باسی لەرۆڵی گرنگو مێژوویی ژنانی تونێس کرد بۆ سەربەخۆیی گەیاندنی ئەم وڵاتە. ئەو هەروەها کۆمەڵێك بڕیاری بۆ سڕینەوەی تەواوی بێعەداڵەتیەکانو هەروەها پەسەندکردنی یاسای گەڕانەوەی سەرجەمی مافەکان بۆ ژنان دەرکرد. لەو کاتەوە چەند ژنە وەك تاوانێك لەو وڵاتەدا ناسراوە، ئەوە کەسانەی کە پێچەوانەی ئەو بجووڵایەتنەوە تووشی سزای زیندان دەبوونەوە. ئەم بابەتە وەك پێشکەوتنێکی گەورە لەجیهانی عەرەبیدا خوێندنەوەی بۆ کرا. یەکێکی دیکە لەو چاکسازیانە لەم وڵاتە کە دەسکەوتی چالاکییەکانی ژنان بوون بەگشتی ئەوە بوە کە لەساڵی ١٩٥٦ بڕگەیەك بە دەستووری ئەو وڵاتە زیاد کرا کە ئیتر باوك بۆی نییە بەشێوەی تاك بڕیار بدات بۆ هاوسەرگیری ژنانو کچان. کچان دەبێت بەشێوەی دڵخواز هاوسەری خۆیان هەڵبژێرنو بەگوێرەی ئەو بڕیارە هیچ کەس مافی ئەوەی نییە کە بڕیارەکانی خۆی بسەلمێنێ بەسەر ژناندا لەو بوارەدا. خاڵێکی دیکەی گرنگ گرتنی تەڵاقە بەشێوەی هەر دوولایەنە لەو وڵاتە. لەوڵاتی تونێس ژنیش دەتوانێ بەهەمان شێوەی پیاو داوای تەڵاقو جیابوونەوە بکاتو بەگوێرەی یاسای ئەو وڵاتە ژن دەتوانێ پاش جیابوونەوە خاوەن پشتیوانی ماددی بێت، ئەم یاسایەش سەرباری کەمو کوڕییەکان، بەڵام لەجێی خۆیدا پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوە .

”نەبیها گودانای“ پزیشك لە زانکۆی سۆربون دەڵێت: مافی منداڵ بوونو ژمارەی منداڵان لەمافی سەرەکییەکانی هەر ژنێکە. پاش سەربەخۆیی تونێس بنەماڵەکانی ئەم وڵاتە لەحاڵی پرۆفەی ژیانی مەدەنی بوون. ئەمە لەپێکهاتەی خانەوادەکانی تونێسدا بەرچاوە. بۆ نموونە لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوو رێژەی کەسانی هەر بنەماڵەیەك زیاتر لە هەشت کەس بوون، بەڵام ئێستاکە رێژەی ناوەندی هەر خێزانێك چوارکەس. بێ شك ئەمەش سەرکەوتنێکە کە بەهۆی هەوڵی ژنانەوە هاتۆتەدی. گۆڕانی سونەت بۆ یاسای نوێیو مۆدێرن دەسکەوتێکی گەورەی ئەم وڵاتە بوو کە ژنان دەوری گرنگیان تیادا بووە. پێش لەپەسەند کردنی ئەم یاسایە ژنان دووساڵ پاش هاوسەرگیری بەپێی یاسا وەك کەسێکی سەغیر دەناسران. بەڵام لەیاسای تازەی ئەم وڵاتە جەخت لەسەر یەکسانی ژنانو پیاوان لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا کراوەو بە تەواوەتی ژنانو پیاوان خاوەن مافێکی بەرابەرن لەدەنگدانو هەڵبژاردنو گرێبەستی کڕینو فرۆشتنی مڵكو کەلو پەل .

بەحوکمی ئاسانکاری باشتر بۆ پەروەردە، ژنانی تونیسی بە ژمارەیەکی زۆرترەوە هاتنە نێو بازاڕەکانی کارەوە. لەساڵی ١٩٧٥ ڕێژەی ٢١%ی ژنانی تونیسی ٢٥ ساڵ تا ٣٠ ساڵ لەدەرەوەی ماڵەوە کاریان دەکرد. لەساڵی ١٩٧٧ ئەم ژمارەیە هەڵکشا بۆ ٣٦ لەسەد. ژنانی تونیسی ئێستاکە لەسەرجەم بوارەکاندا خەریکی چالاکی نواندنن. دوو هەزار ژنی تونیسی سەرۆکی شیرکەتو کۆمپانیا گەورەکانن. ١٥٠٠ژن خاوەن مووچەی کشتو کاڵینو ژمارەیەکی زۆریشیان پۆلیسو پارێزەرو و پزیشکن. ژووری بازرگانی ژنانی تونیس خاوەن ١٠٠٠ ئەندامە. بەڕێوەچوونی پێشانگای دەسکەوتەکانی ژنان دوایین پرۆگرامی ڕێکخراووی ئەم ژنانە بوو کە ئامانجی لەسەرەتاوە چەسپاندنی دروشمی "دروست کردنی تونیس لەلایەن ژنانی بازرگانەوە" بوو. ئێستاکە یەکیەتی ژنانی تونیس خاوەن ٥٠ هەزرار ئەندامەو یەکێك لەگەورەترینو کۆنترین ڕێکخراوەکانی ژنانە. وەزارەتی کاروباری ژنانو خانەوادە، دامەزراوەی پاریزی نەتەوەیی ژنان، ئەنجومەنی نەتەوەیی ژنو بنەماڵە بەشێوەی چالاك لەبواری بردنە سەرەوەی بەشداری ژنان لەناوخۆی کۆمەڵگا خەریکی هەڵسووڕانن. ڕەوتی روو لەگەشەی مافەکانی ژنان لە تونیس لەماوەی ساڵانی رابردوودا چۆتە قۆناغێکی تازەوە. لەم رووەوە دۆخی ژنان تونیسی لەئاستی وڵاتانی جیهانی عەرەبو باکووری ئافریقا شتێکی ناوازەیە. بێ شك گشت ئەو دەسکەوتانە زیاتر لەهەمو شتێك سەرچاوەگرتووە لە بەشداری چالاکانەی ژنان لە ئاستی کۆمەڵگاو بەشداری بەربڵاویان لە چالاکییە کولتووری، ئابووری، بازرگانیو سیاسیە. هاوکات لەگەڵ بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٩ ڕێژەی ژنانی تونیسی لە پەرلەمان دووقات بەرەو هەڵکشان چووە .

ئێستاکە بەلەبەرچاو گرتنی ئەوانەی باسمان کرد شۆڕشی جەماوەری خەڵکی تونیس لەماوەی رابردوودا چۆتە قۆناغێکی تازەوە .

لەژێر سایەی راگەیاندنەکانەوەو هەروەهابوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییو ماڵپەڕەکانی وەکوو فەیس بووکو یوتیوبو تویتێر زۆرینەی خەڵکی جیهانی ئاگادار رووداوەکانی تونیس بوون. لەگشت وێنەو فیلمە بڵاوکراوەکاندا ئێمە شاهیدی بەشداری بێ وچانی ژنانی ئەم وڵاتە بووین. جارێکی دیکە بینمانی کە ژنانی تونیسی شانبەشانی باقی توێژەکانی ئەو وڵاتە هاتبوونە مەیدانو خوازیاری ئازادی زیاترو گۆڕینی حکوومەتی ئەو وڵاتەیان دەکرد. هاتنە مەیدانو دورشمدانی ژنانو بەشداری ڕێکخراویان لەو نارەزایەتییانە نیشانەیەکی واقعیە لەتێگەیشتووی ژیانی ئەو وڵاتە. ژنان تونیس بە خۆ رێکخستنیان لەنێو دامەزراوەو نیهادە کۆمەڵایەتیو مەدەنییەکان توانیان بێنە سەر شەقامەکان لەپاڵ رووخانی دیکتاتۆردا خوازیاری وەرگرتنی مافی زیاتر بۆ خۆیان بوون .

بێشك ئێمە جارێکی دیکەو بەپێی مێژووی چالاکی ژنان تونیس شاهیدی دەوری گرنگیان بووین بۆ گەیشتن بەمافە گشتییەکانو هەروەها بەدەست هێنانی وڵاتێکی دیمۆکراتو پێشکەوتنخواز. ئێمە بینیمان کە ژنانی تونیسیش لەدژایەتی دیکتاتۆردا بەشێوەیەکی ناوازە هاتبوونە دەرێو خاوەن دروشمودواوکاری تایبەت بە خۆیان بوون. هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا بزووتنەوەی ژنانی تونیسو هەروەها دامەزراوەو نیهادەکانی سەر بەژنان لەم وڵاتە زۆر بەهێزنو ژنان بەردەوام توانیویانە ڕۆڵی گونجاو ئەرێنی بگێرن لەئاستی رووداوەکان لەم وڵاتەدا. بە شداری ژنانی تونیسی لە شکڵ پێدانی دامەزراوە حقووقی، سیاسی، کۆمەڵایەتی بێ شك یارمەتی دەکات بە سیاسەتێکی ژنانە بۆ بیچم پێدانو بنیاتنانی پێکهاتەیەکی تەواو دیمۆکرات لەکۆمەڵگای ئێستاو داهاتووی ئەم وڵاتەدا .

پێویستە ئەو راستیەش باس بکەین کە ماوەی ساڵو نیوێك لەوە پێش ئێمە لە ئێرانیش شاهیدی خەباتێکی جەماوەری بووین لەدژی حکوومەتی ئەو وڵاتە. بینمان کە چۆن ژنانی ئێرانی هاتنە سەر شەقامەکانو بوێرانەو نەترسانە بۆ گەیشتن بەئازادیو دیمۆکراسی خەباتیا ن کرد. بینیمان کە ژنانی ئێرانی وێرای ئەوەی خوازیاری گۆڕانی سیستەمی زاڵ بە سەر ئێراندا بوون، لەهەمانکاتدا لەهەوڵی ئەوەدا بوون لەئێستاکەوە خواستەکانیان بێنە گۆڕێو گەرەنتییەکیان هەبێت بۆ دوارۆژ تاکوو لەژێر ناوی جۆراوجۆر لەدوارۆژیی ئێراندا نەبنە قوربانی. ژنانی ئێران بەدرکێکی قووڵ لەسەرجەم ئاڵوگۆڕەکانو هەروەها بەهۆی ناسینی رەگەزەکانی دنیای سیاسەت لەهەوڵی ئەوەدان کە نەبنە سووتەمەنی نارەزایەتیەکانو لەئاکامدا هیچ مافێك وەك ژن بۆ خۆیان دەستبەر نەبێت. ئەوان وەك حەق ئەوە بەمافی رەوای خۆیان دەزانن کە لەدوارۆژی هەر جۆرە گۆڕانکارییەك لەکۆمەڵگای داهاتووی ئێراندا پێگەی خۆیان بەشێوەیەکی بەرابەر و هاوشان لەگەڵ پیاوان گەرەنتی کردبێتو هەوڵو ماندوویەتییان بەفێرو نەچێ .

ژنانی ئێرانی شۆڕشی گەلانی ئێرانیان لەساڵی ١٩٧٩ لەبیر ماوە و بە ئیلهام وەرگرتن لەو شۆڕشە کە پاش سەرکەوتنی هیچ مافێکیان بۆ لەبەرچاو نەگیرا ئێستاکە مۆدیلێکی ژیرانەتریان لەبەدەست هێنانی مافەکانیان رەچاو کردووە. بۆیە ژنانی تونیسی دەبێ زۆر زۆر ژیرانە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان تەعامول بکەنو لەهەمانکاتدا هەوڵ بدەن ئاراستەی بزووتنەوکە بەرەو لای سێکۆلار بوونو هەروەها دیمۆکراسی خوازی پاڵ پێوە بنێن. ژنانی تونیسی ئەو هێزەیان هەیە کە بتوانن مۆرکی خۆیان لە رووداوەکان بدەن. ئەگەر سەردەمانێك ڕۆڵی گرنگیان لەبەسەربەخۆیی گەیاندنی ئەم وڵاتە بووە ئێستاکەش دەتوانن لە ئاراستەکردنی ئەم بزووتنەوەیە بۆ پێکهاتەیەکی دیمۆکرات دەوری گرنگو کاریگەر بگێرن. لەهەمانکاتدا دەبێت ژنان بە ئیلهام وەرگرتن لە شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو راستیە بزانن هەرچی پێکهاتەی داهاتوویان بەرەو ئیسلامی سیاسی بڕوات، بێ شك بە زیانیان تەواو دەبێت. بۆیە دەبێت گشت هەوڵەکانیانو هەروەها ئەو پەری کەڵك لە ئەزموونی خەباتی چەندین ساڵەی خۆیان وەربگرنو بۆ بەدەست هێنانی مافی زیاتر بۆ خۆیان. ژنانی تونیس دەبێت جیاوازییەك دابنێن لەنێوان داخوازییە گشتیەکانو داخوازییە تایبەتییەکانی خۆیانو تا ئەو جێگەش دەتوانن بەگوێرەی قورسایی خۆیان پێداگری لەسەر بکەن .

ئەوەی ماوە باسی بکەین ئەوەیە کە هەنگاو نان بەرەو دامەزراندنی سیستمێکی دیمۆکرات بێ شك دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی مافی زیاتر بۆ ژنانو لەم رووەشەوە دەتوانین بڵێن لەگەڵ بەدەست هاتنی ئەم ئەنجامە ڕێگەی درێژەدان بۆ گەیشتن بەمافی واقعیی ژنان هەموارتر لەهەر کاتێکی دیکە دەبێت .